# پرسیارت لێدەکەم بە پەروەردگارت وپەروەردگاری ئەوانەی پێش تۆ، ئایا خوای گەورە تۆی ناردووە بۆ هەموو خەڵکی؟

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەکاتێکدا لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوت دانیشتبووین، پیاوێک بە سواری وشترەوە هاتە ژوورەوە، لەسەر ئەژنۆ وشترەکەی ڕاگرت لەنێو مزگەوتەکەدا پاشان قاچی پێشەوەی بەست، پاشان ووتی: کێ لە ئێوە موحەممەدە؟ لەو کاتەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێوانماندا شانی دادابوو، ووتمان: ئەو پیاوە سپی پێستەیە کە شانی داداوە، پیاوەکە پێی ووت: ئەی کوڕی عەبدولموتەڵیب! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «من لێرەم بۆئەوەی وەڵامت بدەمەوە»، پیاوەکە بە پێغەمبەری ووت: دەمەوێت پرسیارت لێ بکەم و لە پرسیارکردندا سەخت دەبم، بۆیە تورە مەبە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرپرسیارێکت دەوێت بیکە»، پیاوەکە ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە پەروەردگارت وپەروەردگاری ئەوانەی پێش تۆ، ئایا خوای گەورە تۆی ناردووە بۆ هەموو خەڵکی؟ فەرمووی: «سوێند بە الله، بەڵێ»، پیاوەکە ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە الله، ئایا خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە کە پێنج نوێژ ئەنجامبدەین لە ڕۆژ وشەوێکدا؟ فەرمووی: «سوێند بە الله، بەڵێ»، ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە الله، ئایا خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە کە ئەم مانگە بەڕۆژوو بین لە ساڵێکدا؟ فەرمووی: «سوێند بە الله، بەڵێ»، ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە الله، ئایا خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە کە ئەم خێرە -زەکاتە- ببەیت لە دەوڵەمەندەکانمان وبیدەیت بە هەژارەکانمان؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سوێند بە الله، بەڵێ»، پیاوەکە ووتی: باوەڕم هێنا بەوەی تۆ پێی هاتووی، ومن نێردراوم لە لایەن قەومەکەمەوە، ومن زیمامی کوڕی سەعلەبەم (ضمام بن ثعلبة)؛ لە برایانی بەنی سەعدی بەنی بەکر.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات : کاتێک هاوەڵان دانیشتبوون لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا پیاوێک هاتە ژوورەوە لەسەر وشترێک، وشترەکەی لەسەر زەوی دانا پاشان بەستیەوە، پاشان پرسیاری لێیان کرد: کامتان موحەممەدە؟ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەنێوانیاندا شانی دادابوو، ووتمان: ئەو پیاوە سپییەیە کە شانی داداوە، پیاوەکە ووتی: ئەی کوڕی عەبدولموتەڵیب، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: گوێم لێتە، پرسیار بکە وەڵامت دەدەمەوە. پیاوەکە بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم- : دەمەوێت پرسیارت لێ بکەم و لە پرسیارکردندا سەخت دەبم، بۆیە لێم تورە مەبە. مەبەستی ئەوەیە بەهۆی پرسیارەکانمانە ناڕەحەت وبێزار مەبە، فەرمووی: چیت دەوێت پرسیار بکە، ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە پەروەردگارت وپەروەردگاری ئەوانەی پێش تۆ، ئایا خوای گەورە تۆی ناردووە بۆ هەموو خەڵکی؟ فەرمووی: سوێند بە الله بەڵێ، ئەم سوێندخواردنەی بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر ڕاستگۆیی، پیاوەکە ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە الله، ئایا خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە کە پێنج نوێژ ئەنجامبدەین لە ڕۆژ وشەوێکدا ؟ -مەبەستی پێنج نوێژە فەرزەکەیە-، فەرمووی: سوێند بە الله بەڵێ، ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە الله، ئایا خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە کە ئەم مانگە بەڕۆژوو بین لە ساڵێکدا؟ -مەبەستی مانگی ڕەمەزانە-، فەرمووی: سوێند بە الله بەڵێ، ووتی: پرسیارت لێدەکەم بە الله، ئایا خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە کە ئەم خێرە -زەکاتە- ببەیت لە دەوڵەمەندەکانمان ودابەشی بکەیت بەسەر هەژارەکانمان؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سوێند بە الله بەڵێ، زیمام مسوڵمان بوو، و ووتی بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە ئەو بانگەوازی قەومەکەی دەکات بۆ ئیسلام ومسوڵمان بوون، پاشان خۆی ناساند کە ئەو زیمامی کوڕی سەعلەبەیە (ضمام بن ثعلبة) لە بەنی سەعدی بەنی بەکرە.